**بەشسێکی تر لە..**

# سەد و یەکشەوە

**سەباح رەنجدەر**

## مێوان

ئەگەر دەست لە دڵم بدەیت
هاوارم لێ بەرز دەبێتەوە
مێوانێکی یەك دوو رۆژیم
دەمودوو شیرینم و ژیان بە گرانی تێناپەڕێ
ئەی دایك و باوکی زەمین
پەنجە و لێوم لە سەرمان سوور هەڵگەڕاون
کووپێك شیر و هەنگوین
ئامادەم دەکەنەوە بۆ شمشاڵژەنین

## ماسیگرە

ماسیگرە کە بە ئاسمانەوەیە
دەنووك و چاوی ناز دەڕێژن
لێکدانەوەی بۆ رەنگی ئاو هەیە
کە باڵی بە لەشی دادەدا
لێی تێکدەچێت و ماوەیەك دادەمێنێ
کە قاچیش لە زەوی دەبڕێ
بایەك کە وەك کراس لەبەر هەموومانە
لە ناو یار و دیار پەنای دەدا

## سوێسکە

سوێسکە هێلکەکانی دادەنێ
دەیانژمێرێ و بێ دوودڵی لەسەریان دەکەوێ

بۆ ماوەیەك لە بیری هیچدا نابێ

تا جووچكەكانی سینگی دەخورێنن

دووبارە دەیانژمێرێتەوە

لە نێوان هێلكە و جووچكەدا

شتێك هەیە وا لە ناخی دەكات

ژماردن دووبارە بكاتەوە

**رەنگ**

بەهار زەمین سەوز هەڵدەگەڕێ

هاوین زەمین سوور هەڵدەگەڕێ

پایز زەمین زەرد هەڵدەگەڕێ

زستان زەمین سپی هەڵدەگەڕێ

تێكەڵبوونی رەنگەكان دڵخۆشی ئاشقە

سروشت تێر خەو دەبێ

پێڵووی نەرم دادەنێ و رازی هەموو شتێك دەزانێ

**مەشق**

گوڵی دەستچن و خۆڕسك

لە باخچە دڵخواز و گۆرانی خۆیان هەیە

مەشقی پێشبڕكێیانە

بۆ روونبوونەوەی سێبەری مۆمی لەدایكبوون

رووناكییەكی ناوازە و پاراو

لە ماڵ گەش و بڵاودەبێتەوە

باخچەوان هەمیشە بە دەوری

گوڵە دەستچنەكانییەوەیە

بە رەوانی قسەیان بۆ دەكات و دەستیان لێدەدا

**قەفەس**

قەفەس هیچ دەورێكی نەماوە

فڕین خەوتووە

مرۆڤ ئەی پاشماوەی قوڕ و ئاگرپەروەر

بچۆرە ناو قاشی ئەنگوستیلە و چاو هەڵفڕێنە

موویەکیش هەڵدە سەر تەڵە شقارتەیەك

با زەوی یادی خۆشەویستەکانی بکاتەوە

خۆش بە حاڵت ئەی یادکراو

لەجیاتی گەشەی رووەك

ببە دڵخۆشیمان و گیان جاویدان کە

**بەردەنوێژ**

رووبار ئاوا دەژی

ئەم دەست و ئەو دەستی بەخشندەیە

مێوژی رەشمیری

دەنك دەنك

دەکەینە کۆشی زەوی و بەرێ دەکەوین

لە بەرزایی بێپەروایی گەوهەرێك

وەك بەردەنوێژ

جێی لە تەختایی زەوی خۆش کردبوو

دیداری یاران و حاجیلە

کەپریان بۆ دڵم کردووە و قووڵ و مەند

خەریکی نوێژم

حیکایەتە جێماوەکانی سووتان هەڵدەگرمەوە

**ئاگردان**

دەستەیەك یار و دیار

لە سێبەری پەیکەرێکدا ئاگردانێکمان خۆش کردبوو

نەوە و نەوەزای پەیکەر

پۆلێك قومری خوماربوون

هاتبوون بەخێرهاتنمان بکەن

قلە هێلێکیش بشکێننە ناو چاپەستمان

ئێمە لە جیقنەیان ترساین

بەردمان بۆ هەڵدان

بەرد نەخشی لەسەر دەمێنێتەوە

لەم بەخێرهاتنەدا ئەرێ یاری بەچی کرد

**بزرنەبوون**

مانگی دلبەر و ئەفسوونهاوێژ

روونی چاوی رژاندووەتە چاوت

نەکەی ئاوا بی

هەنگاوەکانم خۆش هەڵدێن

ئەوە هاتم

شتی سەیر و سەمەرەم

لە سێبەری مانگدا بەدی کرد

میوەی وشکبووەوە

گوێی کەروێشك

کولێرەیەك

کە بە تین و تاوی سروودی ئەی رەقیب برژابوو

پەنجەی ئەزموون و پێشنیاری بەرز کردووەتەوە

دەڵێت سێبەرتان بگۆڕنەوە

کەس ئیرەییتان پێنابات

کاروانچییەکانیش رێگەیان لێ بزر نابێ

**زیندان**

لە ژووری زیندان یەك دەرگا هەیە

ئەوە بهێنە بەرچاوی خۆت

ئاگری چێشت ئامادەکردن

لەسێبەری دیوار چ وێنەیەك دروست دەکا

ولاتێك لە شەرێکیدا کە نامەی

جەنگاوەرەکانی دەبووە مێژووی جوانی

کەڵەشێرێکی بردەوە

**نیسانی 2007 هەولێر**